# رەگەز و هەویەی کورد

## رەگەز یا ئەو شتانەی ناسنامەو هەویەی نەتەوەی کورد پێك دێنن.

د. محەمەد صاڵح ئیبراهیمی ( شەپۆل ) / تاران - ئێران

**ئەو شتانەی وا ناسنامەو هەویەی کورد و نەتەوەی کورد بەدی دێنێ، رابوردی مێژووی کوردە.**

زۆربەی لێکۆڵەرانی دنیا ریشە و رەگەزی نەتەوەی کورد، دەبنەوە سەر ماد، یەکەمین تەبەلوری سیاسی عونسوری کوردی لە ئیمپەراتۆری (ماد)ەوە بە رووناکی خۆی نیشان داوە و گرشەگرشی ئەوە زاگرۆس و کوردستانی پڕ و تەژی کردوە لە دادگەری و عەدالەت و یەکەمین ئیمپەراتۆری گەورەی مادی لە کوردستانی گەورەدا سازداوە، ماد و مادزادە بەپێی لێکۆڵینەوەی "هێریدۆت" مێژوزانی یۆنانی، لەساڵی ٧٢٧ بەر لە زایین بە بیروهزری "دیاکۆ" ئیمپەراتۆری (ماد)یان پێك هێناوەو دیاکۆ لە هەگمەتانە (ئیکباتان) یا هەمەدانی ئەمڕۆ، لەسەر تەخت ئیمپەراتۆری مادی دانیشتووە و لەئاکامدا هێرشکارەکان و ئۆرارتۆەکان ئاشوریەکانیان تێکشکاندو بەسەریاندا زاڵ بوون و پەرەیان بەسەرزەوی ئیمپەراتۆری ماد داوە و هەروا پاشاکانی عیلام و پارسەکانیان بەوێنەی راستەوخۆ، هێنایە بن فەرمانی ئیمپەراتۆری ماد، شێوەی حوکومەتی ماد، رێزگرتن بوو لە حوکومەتەکانی ناوچەیی و تەنیا باج و شەکەزەکانیان لێوەردەگرتن، دوای دامەزراندنی ئیمپەراتۆری ماد، ماکی زانست و فێرکردەکانی زەردەشت لەو سەرەزەویەدا، کە باوەڕی بە دوو خوایی (ئاناهیتا و میترا) بوو، کەوتە برەو.

لەساڵی ٥٥٠ بەر لەزایین کۆرش کچەزای ئاستیاك ئاخرین پاشای ماد، هاتە سەرکار، بەوجۆرەی مێژوو نیشانی داوە، ئەمیران و فەرماندەرانی ماد، لە سپا و حوکومەتی کۆرشدا نەخشێ فرەیان هەبووە، هەر لەبەر ئەوەیە لەئاسەواری نەخشی تەختی جەمشیدا لەو ریزە مرۆیانە یەك درەمیان مرۆڤی مادە کە بەکەوای مرادخانی و جلکی کوردی، خۆی نیشان داوە و لەسالانی ١٣٢٥ هەتاوی و ١٩٤٦ و ١٩٤٧ زایینی لەناوچەی موکریان و بۆکان خەڵکی کورد کەوای مرادخانی یان لەبەردا بووە، کەوای مرادخانی تاسەر چۆك دەهات و پشتوێنیان بە گرێ چن لەسەر دەبەست و داوێنەکەیان نەدەخستە بن پاتۆڵی کوردی و ئەو کەوای مرادخانییە، نێوەکەی لۆکە یا خوری و بەرگن بووە، بۆئەوەی گەرم بێ و لەسەرما بیان پارێزێ.

ساڵی ٤٠١ی بەر لە زایین گزنفۆن تاریخ زان و سەرداری ئاتێنی کە بە دە هەزار سوارەوە هێرشی بۆ وڵاتی ماد و ئێران هێناوە نوسیویەتی: لەکاتی گەڕانەوە لەناوچەی هەکاری و لە تونگەی زاخۆ شەڕوانانی کورد، هێرشکارانی یۆنانیان رەپێ ناوە کە گرنفۆن ئەوانەی بە ماد زانیوە و بە کاردوغوی یا کاردوشوی ناوی بردون، زۆربەی کوردناسان لایان وایە ئەوانە کورد، کوردی ماد بوون، گرنفۆن Xenephon لەکتێبی ئاناباسیس Anabasisی خۆیدا نوسویەتی: ئەوانە (ئەو کردۆکانە) تا ناوچەی تەرابۆزان لەباکووری تورکیە لەگەڵیان دەرگیر و بە دەسیانەوە تووشی کەندو کۆسپ ببووین و ئەوانە حکومەتی ناوەندی هەخامەنشیان تووشی دەردەسەر کردبوو.

ناوچەکانی رۆژاوای ماد، داگری کوردستانی رۆژهەڵاتی ئێستاو کوردستانی باکوری و کوردستانی باشووری و باشووری گچکەی ئێستا بووە و بەرفرەتریش بووە.

لەرۆژگاری پارتیان یا ئەشکانیان و لەدواییدا ساسانیان بەناوی مادی گەورە، لەگەڵ وردە حاکمانی ئێرانی و حوکومەتی رۆم دەرگیر بووە، لە رۆژگاری ئیمپەراتۆری ئەشکانیدا حوکومەتی ناوچەیی رەسمی خودموختاری ماد هەبووە.

لەلای سەردەشت گوندێ بەناوی ئەشکان هەیە، پارت و ئەشکانی و ساسانی و ماد و هەخامەنش لەراستیدا یەک رەگەزن و لەیەک خوێن بوون، بەڵام پارس یا فارس هەر وەکو حافزی شیرازی فەرموویەتی:

***آب و هوای فارس عجب سفله پرور است***

***کو همرهی که خیمه از این خاك برکنم***

واژەی فارس یا فارسی لەو شیعرەی حافزدا بە واتای خاک بەکار براوە، چون وارگەو نشینگەی ماد، چیاو بەرز و هەوراز و هەزار بە هەزار بووە، حوکومەتەکانی هێرشکار، نەیانتوانیوە بەسەر (ماد)دا زاڵ بن و جا هەر لەبەر ئەوەبووە هەمیشە حوکومەتی ناوچەی خۆیان هەبووە، هەروەکو فدراتیوی ئەم سەردەمە.

نێوی حوکومەتی ماد و کورد، لەناوی خانەدانی ئەو حاکمانە، وەرگیراوە، گرنگترین ئەو حوکومەتانە، ئەمانە بوون: دەیلەمیان: کەلە رۆژاوا و باکووری دەریاچەی واندا بوون، کردۆک: کردوئین یا کوردوئن لەبدلیس و سیرتی ئەمرۆدا بوون، ئەریابن: ئەربیل یا هەولێری ئەمرۆ، ماه یا (ماد) نەهاوەند. کرم، کرماشان، موکری یا موکریان (مەهاباد)، شارەزوور یا شارباژێر (سلێمانی) بارچان: بارزان، و سنك لە سەحنە و کەنگاوەری ئەمرۆدا ژیاون.

ئەم حکومەتانە تا یەکساڵ بەر لەزایین، هەبوون و لەسەر حوکم کردنی خۆیان بەردەوام بوون.

ئی. ئە. ئوربیلی لە یەکێ لە شوێنەوارەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە شانامەی فیردەوسی توسی لەنێو کوردانا فرە جێی سەرنج و رێزە، سێن لە یەکێ لە رێگاکانی کوردستانی بن دەستی عێراق، کوردێکی دەس تەنگی مەریوان دەبینێ کە زۆربەی شانامەی لەبەر بۆ خوێندۆتەوە، هەر ئەوەیشە کە کورد لای وایە شانامە پرو تەژییە لە واژەی رەسەن و جوانی کوردی و لەم بارەوە سێن نوسیویەتی: باشووری کوردستان مۆزەی ئاسەواری دەورانی ساسانیانە، فرەیێ زۆر لە شوێنەواری کرماشان، لە تاق بۆستان تا وێرانەکانی قەسری شیرین، نێوی ئەوانی پێوەیە، هەموو ئەوانە نە تەنیا بۆتە هۆ کە حەماسەی ساسانیان لەنێو کوردانا، رێزی بۆ دابندرێ و پەرەی پێ بدرێ، بەڵکو ئەمەیشمان بۆ رۆن دەکاتەوە، بۆیێ پاڵەوانان و قارەمانی شانامە لای کورد، رێزدارە، چونکە قافڵەسالارانی ئەم یا ئەو دەسە، کوردن و لە کورد بوون.

فەرهاد کاروانسالاری کەڵوڕەکانە و بارامی گوڕ، قافڵەسالاری گۆڕانەکانە، جا هەر لەبەر ئەوەیە کە هەورامانیەکان خۆیان لە زارۆکی رۆستەمی داستان و پیرانەکان خۆیان لەتیرە و تەباری (پیر) دەزانن، هەر بۆیێ شاخەیێ لە کوردان لە لار خۆیان بە زارۆی گورگین پاڵەوانی کوردی ئەرمەنی شانامە دەزانن، (بڕواننە ئی. ئە. ئەبیلی فیردەوسی، ئاکادیمی علومی ئیتیحادی شۆرەوی بەرو ١٩٣٦ز-پەرەی ٢ و گ. ب. ئاکوپف، کوردی گۆران و بەردەنووسراوی بیخستان-رێبیا-تازە، ژمارە ٢ شەشی ژانویەی ١٩٦٨ز- و بەهمەن کەریمی جوغرافیای موفەسەلی تاریخی غەربی ئێران، تاران ١٣١٨ هەتاوی، مارف خەزنەدار، بەشەرحێ کەم لە بابەت ئەدەبیاتی ئەمرۆ کوردی، مەسکەو ١٩٦٧ پەرەی ١٥٦-١٦٠ و گ.ب.ئاکوپف هەندێ دوروێنەی مەسئەلەی پەیدابوونی کورد، لە رووی ئاگاداری لە داستانە کۆنەکانی ئێرانی "مەجموعەی رۆژهەڵاتناسی" ٢ پەرەی ٣٥٤.

308-E.B. Soan. Asou them Kurdish folksony in kermanshahi. Dialectjras,pt.1,1909,p.35-37.

رۆستەم خانی دونبولی مێژونوس ناوداری کورد، لەسەدەی نۆزدەدا بەشانازییەوە نوسیویەتی بابەتاهیر، چەکامە و غەزەل بێژی کوردە، (گەنجینەی نوسخە خەتییەکانی فارسی، ماتاناداران ژمارەی ٦٢٢، وەرەقی ٥٥) ك. هیوئار-لێکۆڵەری شوێنەواری بابەتاهیری عوریان، نوسیویەتی زمانی بابەتاهیر لەفارسی جیایە و بەزمان و زاراوەی کوردییە و بەتایبەت لەهۆزی گۆران فرە نزیکە.

رۆستەم خانی دونبولی مێژونووسی ناوداری کورد، هەروەها لە ئیشاراتولمەزاهیبی خۆیدا نوسویەتی: لە ئا.د.پاپازیان چەن ساڵ پێش لە ماتاناداران، ئەم خەبەرە بەمن گەیی کە ئەبو حەنیفە دینەوەری کورد، کتێبێکی بەناوی تاریخی شەجەرەی کورد، نوسیوە (گەنجینەی نوسخە خەتییەکانی ماتاناداران، ژمارەی سەبت ٦٢٢، وەرەقەکانی ٢١ب، ٥١ و کتێبی گۆران و مەسەلەی کورد لە تورکییە،گ.ب.ئاکوپف هاکوپیان تەرجەمەی سیروس ئیزەدی چاپی هێرمەند، تاران ١٣٧٦ پەرەی ٩٤) ئە.ل ویلچویسکی لەدوای و.ف مینورسکی دەڵێ: پیران

(شێخانی) شاری نەهری پێوەندی بەناوی نائیری کۆنەوە هەیە (قسە و باس لە بابەت رۆژهەڵاتەوە، ژمارەی ٢ پترۆگراد، ١٩١٥ز پەرەی ٤٧٢ و شارێ بەناوی گیلان سەر بە کرماشان هەیە و شێخ عەبدولقادر گیلانی خواناسی ناوداری سەدەکانی ناوەڕاست و بنیاتنەری دەسەی قادریە کە بنەماڵەی پیرانی دەسگیری شەمزینان (ساداتی نەهری) وە هەم بنەماڵەی گەورەی گیلانی _جیلانی) بە سەرکردەگی رەشید عالی جیلانی کە هۆزێ داراو دەوڵەمەندی گیلانی کرماشان بوون، ناودارەو لەو گیلانەوە سەریان هەڵداوە و لەوەیش دەچێ ئەم (گیلان)ە یادێ لە تیرە کۆنەکانی کورد بێ-تیرەی گیل-هەیە. شەرەفخان بدلیسی هەرکاتێ یادی لە کوردانی گیل لە خۆراسان کردوە ئەوانەی بە کورد، زانیوە، بڕواننە:
Seyyid Abd-al-kadir cuilani, an grands aind islam, 1079-1168-grand figures orienttales v, paris, 1038.
یانی تاروپۆی گیلانییەکان لەگیلانی کرماشانەوە بەرەو خوراسان چون، حوسێن حوزنی کوردستان موکریان...، پەرەی ١٣١ و شەرەفنامە ج١ مەسکەو، ١٩٦٧ز-پەرەی ٣٧٠ بە نەقڵ لە کوردانی گۆران سەرچاوەی بەرو پەرەی ٥٣).

یەکساڵ بەر لە زایین لە نێو فەرهادی پێنجەمی ئیمپەراتۆری ئەشکانی و رۆم پەیمانێ گرێدرا، ئەرمەنستان و بەشێ زۆر لە کوردستانی ئەمرۆ کەوتە بن دەس رۆم و سەخت بە گژ حوکومەتە ناوچەیەکانی ماد-دا چووەو هەمیشە شەڕ و هەڵلا و هۆریا ساز بووە.

ئەردەشێری یەکەمی ساسانی کەلە ساڵی ٢٢٤ زایین ئیمپەراتۆری رۆم و رومیانی وەدەر ناو خۆی ئیمپەراتۆریکی گەورەی لە جێی ئەشکانی داناو ئەردەشێری ساسانی بەشێ فرەی لە کوردستانی ناوەندی دایە دەس خانەدانی "کاوس" بەڵام حوکومەتی کاوس یا "کاوسکان"ی ماد لە سەروبەندی ساڵی ٣٨٠ز-بەدەس ئەردەشێری دووەمی ساسانی هەڵوەشێنرا کە ئاخرین خانەدانی حاکمی ماد بووە.

ئایەتوڵلا شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی لەکتێبی تاریخی خۆیدا نوسیویەتی: (لە جەنگی والرین لەگەڵ شاپوری ساسانی لەساڵی ٢٤٤ز کوردەکان چونە هاوار بانگی شاپور و بەگژ سپای رۆمدا چوون و سەرداری سپای رۆم "والرین"یان کوشت).

لەزەمانی ئەنۆشیرەواندا کە بۆ جەنگ لەگەڵ رۆمیاندا چووە، (لازیکا) و لەپاشان بۆشەڕ لەگەڵ قەومی خەزەر، لە کوردستانەوە رۆیشتووەو کوردەکان رێزیان لێگرتووەو پشتیوانیان لێکردووە، لەساڵی ٦٢٤یشدا، کوردەکان لەشەڕی سپای قەیسەری رۆم چونەتە یارمەتی دانی ساسانیان و سپای قەیسەریان تێك شکاندووە، ماد-ەکان کە باوەگەورەو دایەگەورەی کوردی ئەم سەردەمەن، هەم لەبەر ئەوەی هەرێمی زاگرۆس (زەگروتی) ئاڕارات، تا تاروس کە چیاو بەرزو سەخت و چڕو کێفە، دوژمن و هێرشکاران نەیان توانیوە لە کوردستاندا جێی بۆ خۆ گەرم بکەن و ماد و کورد، بەجەنگی چریکی و تایبەت بەخۆیان دژ و دوژمنانیان رەپێ ناوە هەمیشە وەك پۆڵا پتەو لەڕاست هێرشکاراندا راوەستاون و لەدەم و لمبۆزی دوژمنانیان سرەواندوە، ماد و کوردی ماد، لەسەرەتاوە ئایینی میهر یا میتراییان بووە و لەپاشان چونەتە سەر دینی زەردەشت، دیارە ئایینی عیسا مەسیح، وەك لەنێو براو خوشکە ئەرمەنییەکان، لەنێو ماد و کورد، بەرەوێ فرەی نەسەندوە، پێویستە ئەمەیش بزانین کە بەر لە هەموو شتێ ئەمە دیارە کە سێ سەدە بەر لەزایین نەتەوەو خۆزگەلێ هەبوون کە خێوی مەدەنیەت و ژیار بوون و لە بەینەنەهرەین و زاگرۆسدا وارگەیان هەبووە و لەکۆنەوە لەوێ نیشتەجێ بوون، کە لەڕاست هێرشی هۆزی سۆمێری، عیلامی، ئاشوری، بابیلی و کەلدانی بەرگریان لەخۆیان نیشان داوەو چۆن جێگەکەیان لەنێو چیاو چڕو کێو و بەرزایی فرە هەڵدێر و سەختا بووە، دوژمن و هێرشکاران نەیان توانیوە خاك و نیشتمانیان داگیر بکەن و لەجێی ئەواندا، هێلانە بۆخۆیان خۆش بکەن، ئەوەیە زاگرۆس نشینان و دەوروبەری ئەوێ کە ئەمانە بوون، هەروا ماون و لەجێی باوباپیرانیان لەسەر ژیان بەردەوامن، هەروەکو کاسایەکان کە باپیرە گەورەی لوڕی ئێستاکەن، یا سیتایی، ئۆرارتۆ، لۆلۆ و ئانۆ بانینی پاشای گەلی لۆلۆ رەگەز و بنەچەکەی نەتەوەی کورد، کە بەر لە چوار هەزار ساڵەو کاك کەنعان موفتی بەڕێوەبەری بەڕێزی شوێنەواری هەولێر، دەڵێ: مێژووی نەتەوەی کورد، بۆ ٤٥ هەزار ساڵ

بەر لە زایین، دەگەڕێتەوە، بڕواننە ڕۆژنامەی یەکگرتو هەینی ٥/١٠/٢٠٠١ز-ساڵی ٨ ژمارەی ٣٥٨ پەڕەی ٦ (شەپۆل)و.. کە پێتەختی تەمەدونی نێو دوڕوان (بەینەنەهرەین)یان گرتە دەس خۆیان، چەندین سەدە لە جێگای ئەوان حوکومەتیان کردووە.

گزنفۆن سەردار و مێژوزانی یۆنانی چوارسەد ساڵ بەرلە لەدایکبوونی عیسا مەسیح، لە نووسراوەی خۆیدا لە نەتەوەیەک بەناوی کاردۆک یادی کردوە کە لەشکری دە هەزار سوارەی یۆنانی لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی خۆیان لەناوچەی حەکاری و لەشیوو دۆڵی زاخۆ لەهێرشێ بەو دە هەزار سوارەی یۆنانی، لەسەر زەوی یەک کەلەم ڕۆژگارەدا بە کوردستان ناودارە، تووشی کەندو کۆسپ کراون و لەو سەردەمەدا ئەو سەرزەوییە بە (بۆشان) ناو براوە و ئەمین زەکی و مینورسکی لایان وایە، بەر لە هاتنی ئارییەکان، نەتەوەی کورد، لە خاکی کوردستانی ناوەندیدا نیشتەجێ بوون و لە زومرەی تەمەدونی بەینەنەهرەین ژمێردراون و لەزمانی ئاشۆریدا کاردو (kardu) بە واتای بەوزە و پرهێزە و پاڵەوانە، لەشوێنەوارو تەتەڵەکان، کە دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین بەجێماون، نیشان دەدەن کە سەرزەوییەک بەناوی کارداکا kardaka لەباشووری دەریاچەی وان هەبووەو هەروا لە دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین، شوێنەوارێ کە لەئاشۆر جێماوە قسە لەجەنگ لەگەڵ کورتی (kurti) دەکا.

وە لەسەرەتای مێژوو، هۆزەکانی زاگرۆس لەوێ ژیاون و ئەمانە بوون: (لۆلۆ، گوتی کاسای، سوبار و هوری) کەلەنێو دڵ و دەروونی سۆمری و ئاکادی و ئاشۆریدا کارو کردەوەی سیاسیان ئەنجام داوە، (بڕواننە ئەمین زەکی کوردو کوردستان تەرجەمەی دەفتەری تەحقیقات و بەررەسی سیاسی ئوستانداری ئازەربایجان غەربی، پەڕەی ٣٠ چاپی ١٣٦٤ هەتاوی.

پیرنیا دەڵێ: زمانی ماد، زمانی کوردییە، کورد و ماد و پارس پێوەندی بەرفرەیان پێکەوە هەبووە، ماد لەنێو حکومەتی هەخامەنشیان دەسەڵاتێ بە وزەی هەبووە (پیرنیا موشیرەدولە، ئێرانی باستان، تاران ١٣٣١، پەڕەی ٥٧).

هێری دۆت مێژوزانی یۆنانی نوسیویەتی: لەسەدەی نۆی بەر لە زایین، ماد لە ناوچەی زاگرۆس (زەگروتی) وارگەو نشینگەیان هەبووە و لەساڵی ٧٢٧ بەرلە زایین بەبیرو هۆشی دیاکۆ لەهەگمەتانە (ئیکباتان) یا هەمەدانی ئەمڕۆ (ئیمپەراتۆری مادی)ی دامەزراندووە، مینۆرسکی ماد و سیرتی بە باپیرە گەورەی کورد دەزانی، ناوی خالیدی (khaldi) و ئورارتۆ (Urartu) لەبەردە هەڵکەندراوەکاندا هاتووە کە لەلای دەریاچەی وان تا نێزیکی دەریاچەی ورمێ حوکومەتێ پڕ هێزیان ساز داوەو تا سێ سەدە لەوێدا حوکومەتیان کردووە، ناوی ئەم هۆزە لەگەڵ کاردۆ-دا وەك یەك دەچن. (واسیلی نیکتن، کوردو کوردستان تەرجەمەی محەمەد قازی بلاوکێ نیلوفەر تاران ١٣٦٦ پەڕەی ٥٣ و ڕەشید یاسمی کوردو پەیوەستگەلی نیژادی و تاریخی ئەو، بلاوکی ئاساری جاویدان پەڕەی ١٠٧).

لۆلۆ (lulu) لەسلێمانی و شارەزووی ئەمڕۆدا ژیاون و ١٩ سەدە بەر لە زایین لەگەڵ ئاشۆریدا تێکالاوی سیاسیان لەگەل یەکدا فرە زۆر بووەو هەندێ لەفەرمانڕەوایانی سەدەی ١٨ و ١٩ بەر لە زایین لۆلۆ بوون، زۆربەی سەنعەت کارانی تەمەدونی ئاشۆری لۆلۆ بوون و لەماوەی ٢٥ تا ٢٠ سەدە بەر لە زایین هۆزەکانی گوتی لە خاکی سومێر، ئاکاد، دەسەلاتدار بوون و لەسەدەی ١٣ی بەر لە زایین گوتی لەگەڵ ئاشۆریدا پێوەندی فرەیان هەبووەو لەتەتەڵەی ئاشۆریدا ناوی گوتی هەڵکەندراوە و ڕۆژهەڵات ناسان واژەی (گوتی، کوتی، کاردۆ، کاداك، کورتیوی، سیری یا سیرتی و کاردی خۆیی) بە هاوڕیشە و ڕەگاژوی واژەی کورد-ی دەزانن (ئەمین زەکی، هەر ئەوێ).

وە کارسای لەناوچەی کرماشان و لوڕستانی ئێستا، سەریان هەڵداوە، (ئەمین زەکی سەرچاوەی بەرو، ڕەشید یاسەمی سەرچاوەی بەرو) کە ئەوانە بۆماوەی شەش سەدە بەوپەڕی هێزەوە لەبابلیدا حوکمەتیان کردووە، بە فەرموودەی ئەمین زەکی و ئایەتوڵڵا مەردۆخ کوردستانی لوڕو کاسای کورد بوون و واسیلی نیکتین دوویاتە لەسەر ئەمە دەکاو دەڵێ (کورد لە بنەڕەتا لەسەر ئەم خاکە بوون) و لەگەل خالیدی و گورجی و ئەرمەنی خزمن (کورد و کودستان، نیکتن، هەر ئەوێ) و مانناییەکان باپیرەی ماد و ئازەربیجانی بوون (پیرنیا، هەر ئەوێ) کورد لە ماد-ەو و پارسیش پس مامی مادە و لە زاگرۆس ژیاون و ئیمپەراتۆری مادیان لەساڵی ٧٢٧ بەر لە زایین سازداوە

(یاسەمی ڕەشید هەر ئەوێ).
مەسعودی لەکتێبی تەنبیهو ئیشراف و مروجوزەهەب و تاج عەروسی خۆیدا لەرووی مەتن و دەقی پەهلەویدا کورد، دەباتەوە سەر ئیسفەندیاری کوڕی مەنوچیهری پێشدادی (ڕەشید یاسەمی، هەر ئەوێ) هەندێ لە زانایان نوسیویانە کورد، کوردی مەرد (مارد)ە و مەردو مرۆمادومەجوس و مر، باپیرەی کوردو لوڕن ویلیام ئۆگلاس ئامریکایی.. دەڵێ: (کورد لە ڕیشەو نیژادی ماد-ە و زمانی کوردی و فارسی لەیەك ڕیشەن (ویلیام، ئۆ، داگلاس، سەرزەوی شگفت ئەنگیز و مەردۆمی میهرەبان، تەرجەمەی فەرەیدون سەنجەیی، گۆتەنبێرگ، تاران ١٣٧٧ پەڕەی ٩٩) پرۆفیسۆر ئێزەدی لێکۆڵەری کوردی دانیشتوی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٣ زایینی کەلە زانیگەی هاوارد لە سوخەنرانی ڕاگەیاندوەو لە مامشەبەکەی ئینتێرنێتیشدا هاتووە بەئاشکرا دەڵێ: (کورد تویژۆ تویژاڵی جیاجیای فەرهەنگی و ژێنێتیکی پێك هاتووە کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ کۆچ و واریدات و ئیبداعاتی فەرهەنگی بە سەریاندا سەپاوە و لەم نێوەدا، دەکرێ لە پێنج تویژ یا مەرحەلەی فەرهەنگی و کلتووری بەدرێژایی مێژووی کۆنەو کەنارا، قسە بکەین: دەوری یەکەم دەوری (حەلەف)یە، کە هەشت هەزار ساڵ بەر لەمرۆ دەسی پێکراوە، مەبدەو سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم کلتووروو فەرهەنگە، قامیشلی کوردنشینی سوریەیە و پەی بردن بەم فەرهەنگە لە نووسراوەکانی سەر سواڵەتەکانی بەجێماون ئەو ڕۆژگارە مەیسەر دەبێ، دووەمین دوورە کەلە ساڵی ٥٣٠٠ بەر لە زایین دەست پێ دەکرێ کە بەدەورەی عەبید یا (پرۆتۆفۆرات Proto-Euphratian) دەخوێندرێتەوە، ئەم ناوە لە ناوچەکایەکی عێراقدا کەلە هەڵکۆڵینەوەکانی کۆنەناسی پێوەندار بەم دەورە کەلەوێ ئەنجام دراوە، وە دەس هاتووە.... ئەم دەورە کەلەگەڵ ئاسەواری دەورەی حەلەفیدا لێکدراوە بۆماوەی هەزار ساڵ لەکوردستاندا بەردەوام بووە، ئیحتمالەن هۆزی خالیدی لەم دەورەدا بوون و شوێنی زیادیان لەسەر فەرهەنگی کەوناری کوردستاندا هەبووە، دەورەی سێیوەم، دەورەی هوریان (Hurrian)ە سەرەتای ئەم تاقمە لە قەفقازدا بووە، کەبە کۆچکردن بۆلای باشوور، لەچیاو کێفەکانی زاگرۆس جێگیر بوون (کە لەوە دەچێ ئەم هۆریانە کە لە قەفقازەوە هاتگن لەریشەی ئاریایی بوون) ئورارتو Urartu و Guti و Kurti و ماناکان عێلێ و دەسەیێ بوون کە لەهوریان جیا بوونەتەوە.
لەساڵی ٢٢٥٠ بەرلە زایین گوتییەکان دەسەڵاتی پیرۆزیان لەناوچەی سۆمێریاندا بەدەس هێناوە و بۆماوەی ١٣٠ ساڵ حوکومەتیان کردووە، لەوە دەچێ لەنێوەڕاستی هەزارەی دووەمی بەرلە زایین نەتەوەی کورد و کوردستان، لەبن تەوژمی حاکمیەتی ژیاری هوریاندا یەکیان گرتبێ و موتەحید بوبن، شوێنی ئەم ژیاوە تەنانەت لە داب و دەستوور و فەرهەنگ و کلتووری ئەمرۆژانەی نەتەوەی کورد فرە بنەڕەتی و ئاساییە.
چوارەمین دەورە، دەورەی ئاریائیانە کەلە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین هۆزەکانی ئاریایی ڕەگەز هێتیتی Hittit و میتانی Mittani لە پێدەشت و نەرمایەکانی ماداوا و ئێران و ناوچەی سیند وێنە قارەی هیند لە دەورو پشت و لەنێو چیاو کێفەکانی زاگرۆسدا جێگیر بوگن، کۆچ و کۆچباری ئەم هۆزو تایفانە تا ساڵی ١٨٥٠ی بەر لە زایین درێژەی هەبووەو شوێنی فرەی لەسەر فەرهەنگ و ئابوری نەتەوەی چیاو کێف نشینەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی دەوروبەری ئەم زنجیرە کێوانە بەجێ هێشتووە.
ئەرمەنی-ماد و پارس لەو ماوەدا فەرهەنگی هۆریانیان لەنێو بردووەو لەمەڵبەندی کوردستاندا جێگیر بوون، لە ڕوانگای ئەو لێکۆڵەرە پرزانا کوردە، چونی ئاریایەکان بۆسەر کوردستان، هەروەکو هوجومی تورکەکان لەزەمانی پێکهاتنی ئیمپەراتۆری عوسمانیدا، زیانێ فرە سەخت و قورسی لەئاداب و ڕوسوم و کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد داوەو فرەشتی لە کورد وندا کردووە، دیارە ئاریائیانیش بەش بەحاڵی خۆیان لەسەر فەرهەنگی نەتەوەی کورد لەبەننایی و میعمارییەوە بیگرە تا زمان و ئایین و ئۆل و ئەو خودایەی عیبادەتیان بۆ کردووە، شوێنیان داناوە و دەستیان وەشاندوە، دیارە شوێنی کلتووری هۆریانیش هەر وەکو جەنگی پارتی زانی و چریکی لەنێو نەتەوەی کورد، تا ئەمڕۆیش هەرماوە و لەبەر چاوە.
ئیگڵتۆن لەکتێبی کۆماری ١٩٤٦ی زایینی کوردستاندا ڕایگەیاندووە: ئەوانەی بەدوای دۆزینەوەی واژەی نەتەوەی

کورددا، هەروەکو لێکۆڵەرانی کورد، لایان وایە لەنەخشی بەردی بابلیاندا وێنەی کەسانێ کە زیاد بینراون کەلە حاڵی ئیتاعەت کردندان لە کورد و فەرمانبەری لە کورد، دەکەن و باوەڕیان وایە کە کۆرش بەیارمەتی سوارەی کورد، کە خۆیشی هەر لە رەگەزی کوردە، توانیویەتی بابیل داگیر بکا و نەتەوەی کورد بە ریشەو رەسەن دەچێتەوە سەر نەتەوەی ماد، کەسانێ کە لەگەڵ کورد ژیابن رایانگەیاندوە کە فرە بەئاسانی دەتوانین کوردێ لە فارسێ یا عەرەبێ یا ئەمریکایێ یا تورکێك تەشخیس بدەین و لێکیان جیا بکەینەوە، هەرچەند ئەو کوردەش جلك و لیباس و سیپاڵی کوردی لەبەرا نەبێ، دیارە نەتەوەی کوردیش هەروەکو گشت خەڵکی دنیا لە دەرو جیران و ئەو هۆزانەی هێرشیان کردۆتە سەر کورد و لەگەڵ کورد بەشەڕ هاتوون، شوێنیان وەرگرتووەو ئاسەواریان لەسەر نەتەوەی کورد، بەجێ ماوە (بڕواننە کوردەکان و قودرەتی ناوچەیی ج١ عێراق، عەلیزادە شێخ عەتتار، چاپی ئەوەڵ جۆزەردانی ١٣٨٢ هەتاوی تاران، پەرەی ٣١ تا ٢٣).

هەندێ لایان وایە دوای بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی ریچ سرنجدان بە کوردو مێژووی نەتەوەی کورد، زیاتر پەرەی ساندو گەریدەکان کەوتنە تێکۆشان و لێکۆڵینەوەیێ زیاتر بۆ ناساندنی نەتەوە کورد، بەڵام ئەوەی راستی بێ، کتێبی شەرەفنامە، نووسراوی ئەمیر شەرەفخان بدلیسی کەلە ١٥٩٦دا نووسراوە، دیارە مەبەستی ئەمیر شەرەفخان لە نووسینی ئەم کتێبە گرینگ و پڕ بایەخە، ناساندنی کوردو مێژووی نەتەوەی کورد بووە، بە نووسینی ئەم کتێبە ئەمیر شەرەفخان توانیویەتی سەرکەوتوانە مێژووی کورد لە کۆنەوە بنوسێ، بەڵام لەدیاری کردنی بنج و بنەوانی کورد سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەس نەهێناوە، لەسەر چەن بیرو بۆچونی نالێك لەتەك یەکتریندا، قسەی کردووەو تیشکی خستۆتە سەر سێیان لەوانە: ١-یەکێك لەوانە، ئەفسانەی (زوحاك) ئاژیدەهاکی خوێن ژێرو بێ بەزەیی و دژی مرۆ، کە گۆیا دوو مار لەسەر شانی رواوە، کە دەبو مێشکی مرۆی دەرخوارد بدرێ، هەر رۆژ دەبو دوو مرۆ سەر ببڕدرێ و مێشکەکەیان لەو دووماره هەڵسوون، تا دومرۆی، مرۆ دۆست بەناوی ئەرمانەك و گرمانەك، بەهاوبیری یەکتر، مێشکی مەڕێکیان لەگەڵ مێشکی مرۆڤێکدا لێك دەداو یەکێ لەو مرۆیانە کە دەبو سەر ببڕدرێ ئازادیان دەکرد و چەند دانە پەزو پۆڵەیان پێی دەداو پێیان دەوت: بڕۆ لەو چیاو چڕانە خۆت بشارەوەو بەشیرو رسقی ئەم ئاژەڵانە خۆت بەخێو بکەو روو لەشار یا ئاوایی مەکە، نەبادا ئاژیدەهاك پێتان بزانێ و سەرتان ببڕێ، ئەمانەیان بەکورد زانیوە ئەم چریکە و چیرۆکە لەشانامەی فیردەوسیدا بەشیعر بەیان کراوەو رایشی گەیاندوە کە لەئاخیریدا کاوەی کورد، کەلە بەرا هەشت کوڕیان سەربڕیبو مێشکەکەیان دەرخوارد مارەکانی سەرشانی زوحاك دابو، کە هاتبون تا دوا دوا کوڕە بچکۆلەکەی ببەن، تووڕە بوو نەڕاندی و پێش بەرۆکە چەرمەکەی بەرۆکی داکەندو هەر وەك ئالایەك کردی بە سەرنوکی دارێکەوەو کردی بە ئاڵای راپەڕینی کوردان، بەدژی ئاژیدەهاکی خوێن رێژو ماڕز، لەئاکاما کاوەی ئاسنگەری کورد سەرکەوت و بەچەکوشی ئاسنگەر یەکەی مێشکی زوحاکی پڕاند و بەهاوکاری ئاپۆرەی خەڵك دەستێ فەریدونی کوردی گرت و نایە بان تەختی پاشایی رۆژ باو.. هیچ دووریش نییە کە فیردەوسی بە گێڕانەوەی ئەم ئەفسانە پڕ لە دەردو ژانە، ویستبێتی مەزلومی نەتەوەی کوردی ئەو سەردەمەی بەدەس زاڵمان و ماڕزانی زەمان لەبن پەردەی ئەم ئەفسانەدا: نیشاندا بێ (شەپۆل) دەبێ بڵێین: بێ بەڵگەیەکی عیلمی و زانستی هەموو کتێب و نووسراوە کوردییەکان ئەم ئەفسانەیان هێناوە و نووسیویانە کە ئەم رووداوە گرینگە مێژوەی کورد لە (١٢٣٤/٤/٢١) پێش کۆچی مانگی واتا تەقریبەن ٢٠٠٥ ساڵ بەر لە زایین، رووی داوە، هەروەها ئەم رۆژە هیماو واتایێ دیکەی مێژوویی بۆ هەیە کە لەو رۆژەدا (نەینەوا) کەوتۆتە بن دەس ئیمپەراتۆری (ماد) و ئاشۆریان لەشەڕا دۆڕاندویانە و کورد خۆی بە زاڕوك و نەوەو نەتیجەی ماد و میدیا دەزانێ و لەو رۆژدا بەناوی (نەورۆز) جێژن دەگرن و پێی دەڵێن: سەرەتای ساڵی کوردی و بەهاری کوردی و بەر لەساڵ تازە بوونەوە، ئاگر لەسەر لووتکەی چیا بەرزەکانی کوردستان، هەڵدەکەن، ئەم جێژنە نیشانەی پێوەندی کوردو گەلانی هێندو ئۆروپایە چونکا گەلانی گەرمانی کولونی و سلافیش لەرۆژی ٢١/٣دا کە رۆژو شەو بەرانبەر دەبن، بەناوی سەرەتای بەهار دەیکەنە

جێژن و شادی.

٢-دووەمین بیروڕای ئەمیر شەرەفخان لە شەرەفنامەدا، لەسەر ڕەگەزو بنەچەکەی نەتەوەی کورد، ئەوەیە کە نوسیویەتی: کورد دوو ڕەگەزیەو لەتێکەڵاوی دێو لەگەڵ بەلقیسا پەیدا بووە.

٣-لەجنۆکەیە، دیارە ئەمە: قسەیەکی سازدراوەو ئەمیر شەرەفخانیش خۆی نەیشاردۆتەوە کە بنەچەکەی کوردی بۆ دیاری نەکراوەو ڕای گەیاندوە، تەنیا خوا دەزانێ کە بنەچەکەی کورد، لەکوێوە هاتووە، ڕۆژهەڵات ناسی نەمساوی کە شەرەفنامەی وەرگێڕاوە، لای وایە ئەو قسانە بیدعەت و ساختەگین، بڕوانە پەڕەی ٥٤ تا ٥٩ کتێبی کورد، گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، لەزارۆکانی سوڵتان صەلاحەدین ئەیوبی کورد.

نووسراوی د. گوێنتەر دێشنەر D.r Gunther Descnber کە عەبدوسەلام بەرواری لە ئەڵمانییەوە کردویەتە عەرەبی و د. حەمە کەرم عارف لە عەرەبییەوە هێناویەتە سەر زمانی کوردی چاپی دووەم ١٩٩٩ز-لەساڵی ٢٣٥ بەر لەزایین بەردەنووسێکی بزماری لە ١٨٨٥ز، دۆزراوەتەوە کە (نارامسین) پاشای ئەکەد زاڵ بوونی خۆیی بە سەرگەلانی چیا تۆمار کردووە و دوای ماوەیەکی کەم کوردەکان لەنێزیك دەربەندی دیالەدا سپای (نارامسین)یان شکاندوەو خۆیان نیشانداوەتەوە (تیکلات-بیساری یەکەم لەساڵ ١١٠٠ بەر لە زایین زاڵ بوونی خۆی بەسەر (نەتەوەی گوتی) بەر بلاڤدا تۆمار کردووە، لەو گەڕان و پشکنینانەدا کەلە (خرسباد) باکوری نەینەوا ئەنجام دراون، لە کۆشکی (سەرگونی دووەم) لەساڵی ٧٢٢ بەر لەزایین، یەکەمین بەردەنوس دۆزراوەتەوە کە ئاماژە بە جلك و بەرگ و ئاداب و رسومی گوتییەکانی کردووە، کە هەمان کوردی ئەم ڕۆژگارەن.

جا ئەوەیە (ئایگشتید) لەرووی ئەو بەڵگە نامانەوە، ڕای گەیاندووە کە کورد نەوەی ئەو گوتی و کار دۆخانەن و مینوریسکی پشتیوانی (ئایگشتیدا)ی کردووەو نوسیویەتی: هیچ بەڵگەیەك بۆ نادروستی ئەو قسەو بەڵگەنامانە نییە، بەتایبەت کەس ناتوانێ لە (مۆزۆپۆتامیا: بەینەنەهرەین: رافیدەین)دا لە نەتەوەی کورد، کەو ناراتر و قەدیمیتر، بزانێ.

# نــــوێــــژ بەزمانی کوردی خوێندن

د. محەمەد صالح ئیبراهیمی (شە پۆل)

موسوڵمانانی کورد، دەتوانن نوێژ بەزمانی کوردی بخوێنن، چونکە زمانی کوردی نیشانەی خوایەو فرە بەدیهی و ئاشکرایەو هەرکەس ئینکاری زمانی کوردی بکا، وەك ئینکاری و وجودی عەرزو ئاسمان و بەدیهیات بکا وایە هەرکەسیش ئینکاری بەدیهیات بکا، کافر دەبێ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ﴾ سورەتی ڕۆم ئایەتی ٢٢، ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ﴾ سورەتی ئیبراهیم ئایەتی ٤، ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً﴾ سورەتی نەحل ئایەتی ٣٦، یا ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ﴾.

هەر ئەوەیشە موسوڵمانانی کورد دەتوانن بە زمانی شیرینی کوردی نوێژ بخوێنن چونکا پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی: رب تالين يلعنهُ القران، جا چونکا کورد زمانان پیتی ضادی و الضالين ناتوانن باش بخوێنن و خودایش زمانی کوردی دەزانێ و کوردی دەزانێ و لێی حاڵی دەبێ.

هەمویش دەزانین نوێژی نیوەڕۆ ٤ رکعەتە و لەنوێژی هەینی (جومعە) ٢ رکعەت نوێژ دەخوێندرێ و ٢ خودبە لەباتی دەخوێندرێ و زۆربەی زانایانی دینی بە تایبەت ئیمام ئەعزەم ئەبو حەنیفەو ئیمامیە

دەڵێن: ئەو ٢ خودبە کەلەجیاتی ٢ رکعەت نوێژی هەینییە، دەبێ بەزمانی ئەو موسوڵمانە بێ کەلەپشت ئەو خەتیبە نوێژ دەکەن، جا کە قسەکردن لەجیاتی ٢ رکعەت نوێژ درووست بێ، نوێژ کردن بەزمان کوردیش درووستە بەتایبەت کە باش نەتوانێ پیتی ضاد لە والضالین گۆبکاو و خودبە خوێندن بەزمانی کوردی و نوێژکردن بەزمانی کوردی درووستە، ئێوە جوان بەووردی بیر لەم قسەی مەولانا رۆمی ئەوزانا عارفە گەورە، بکەنەوە کەلە دووەمین دەفتەری مەسنەوی خۆیدا بەئاشکرا لە چریکەو چیرۆکی موسا و شوان، دەگێڕتەوە، وەختێ موسا پێغەمبەر دەبیستێ کە شوانێ روبە خودا دەڵێ: ئەی خواگیان! تۆ لەکوێی تاسەرت شانە بکەم و نوسەنەکی کلاشەکانت بگرم، موسا ئەوقسانەی شوان بەجۆرێ جیا لەبیرو باوەڕەکانی خۆی دەزانێ، دەس دەکا بە سەرزەنشت و لۆمەکردنی شوانەکە، لەراستی موسا لەو چیرۆکەدا هەروەکو نوێنەری دووگوم بوون و پاوان خوازی لەلایەن خوداوە، بەتوندی ئیرادو رەخنە لەو شوانە دەگرێ، خودا هەرا لەموسا دەکاو دەنگی دەدا هۆی! موسا! بۆچ ئەوها ئەو عەبدەی منت رەنجاند، ئەو بەوجۆرە بەو بیرو باوەڕە، بەزمانی خۆی دەمدوێنێ و قسەم لەگەڵ دەکا هەرە برۆ بە پەلە ئاشتی بکەوە، دەنگی خودا لەم چیرۆکەدا دەنگی راستی و هاواری بەرزو بڵندی ناسەوەری و عیرفانەو بەئاشکرا پێمان دەڵێ رێزو قەدر و حورمەت دانان بۆ بەرامبەرەکەت لە هەر جلك و سیپاڵێك دابێ وە یا لە هەر پایەو پلەیەك دابێ، دەبێ رێز لە بیرو بەرامبەرەکەت بگری.

ئەمەیش خۆی لووتکەی مرۆ دۆستی و خۆشەویستییە، بەرامبەر بە ئینسان و مرۆ، یا ئەوە کە خودا لەئایەتی ١٨٥ سوورەی بەقەرەدا دەڵێ: ﴿يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ﴾ یانی خوا نەتەنیا ئاسوودەیی و سانایی ئێوەی مرۆڤی دەوێ بەدوای ئەویشدا دەفەرمێ: ﴿وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ یانی خوا نە تەنیا ئاسوودەیی و سانایی ئێوەی مرۆڤی دەوێ بەڵکو ناشیەوێ ئەرکتان گران بێ و بکەونە تەنگانەو سەختی..

ئەمانە هەموو نیشان دەدەن تۆ لەبن هەرناوێك دابێ درووست نییە بیرو رای خۆت بەسەر ئەم و ئەودا داسەپێنی و رێزو کەرامەتی مرۆڤانی ئەوان تێك بشکێنی، هەرئەوەیشە خودا لە قورئاندا لەسوورەی کافروندا دەفەرمێ: ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، ناپەرستم—تا لەئاخیری سوورەتەکەدا، دەفەرمێ: دینی خۆتان بۆخۆتان و منیش دینی خۆم بۆخۆمە.

ئەم بەڵگانە هەمووی پێمان دەڵێ: رێز لە بیرو باوەڕو زمان و فەرهەنگ و هونەرو کلتووری مرۆ بگرە، نەتەوەی کورد داری کەرامەتی زاتی و کەرامەتی ئیکتیسابین و جاکەوابێ نەتەوەی کورد جێی رێز لێگرتن و دارای مافی رەوان لای خواو لەخیلقەتدا، جا هەر لەبەر ئەوانە موسوڵمانی کورد، دەکارن و دەتوانن بەزمانی کوردی نوێژ بکەن و خوای خۆیان بدوێنن و قسەی لەگەڵدا بکەن، بروانە گوفاری سروە چاپی ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی گۆڤاری گرشەی کوردستان ژمارەی ٧ لاپەڕەی ٣ تا ٣٠ بەزمانی کوردی کە خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرەکەی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) بووەو یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لەساڵی ١٩٨١ زایینی و ٢٦٨١ کوردی لەچاپ دراوەو لەکوردەواریدا بلاو کراوەتەوە هەروا بروانە رۆژنامەی باس، سێ شەمە ٢٠١٢/٤/١٠ زاینی ژمارەی ٨٨ چاپی هەولێرو گۆڤاری سفیل ژمارەی ٢٣٠ چاپی ساڵی ٢٠١٢ز.